پۆلیسی تورکیا لە جولەمەرگ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ڕۆژنامەنووسێکی کورد

پۆلیسی تورکیا ئێوارەی دوێنێ هەینی لە گەڕەکی کیشلای گەڤەری سەر بە جولەمەرگ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی پێیامنێری ژن نیوز "ڤابیعە ئینڤەر".

زانراوە لە چوارچێوەی ئەو لێپرسینەوەیەی لەلایەن سەرکایەتی داواکاری گشتی جولەمەرگ دەستی پێ کردووە، بەیاری پشکنینی ماڵی ڤابیعە ئینڤەر و دەستبەسەراگرتنی کەرەستە دیجیتاڵییەکانی درا، هەروەها پۆلیسەکان چەندین کاتژمێر ماڵەکە گەڕاون و دەستکاری هیچ کەرەستەیەکی ئەویان نەکردووە.

هەواڵەکەی ڤابیعە دەربارەی چەتەی لەشفرۆشی و ماددەی هەشبەر کە بە ناونیشانی "شەڕی تایبەت لە جولەمەرگ" ئامادەی کردبوو، ماوەیەک بوو بە ڕای گشتی و بەگوێرەی زانیارییەکان لەکاتی هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی ڤابیعە ئینڤەر لە ماڵ نەبووە و بەیاری "گرتن"ـی بە دەرچووە.